**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٥٥٠١ لە ٢٠٢٤/٢/١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە گوندەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ زیاتر ڕووکردن لە گوندەکان بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵی و زیاتر فراوانکردن و ئاوەدانکردنەوەیان و نەهێشتنی گیروگرفتی گوندەکان و بە مەبەستی دانانی ڕێنماییەکی تایبەت بە فراوان کردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

## ڕێنمایی فراوانکردن گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان

**ماددەی (١): پێناسەکان**

١- **وەزارەت**: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان**: پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣- **گوند**: شوێنێکە کە کۆمەڵە خەڵکێك تێیدا دەژین و نیشتەجێن و کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون پێك دەهێنن و سنووری دیاریکراوی هەیە.

٤- **فراوانکردنی گوند**: فراوانکردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر زەوییان بۆ دیاری کراوە و پەسەندکراوە و شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی لەسەر نەخشە جێگای نەماوە بۆ ئەوەی خەڵکی گوندەکە خانووی تێدا دروست بکەن بۆ نیشتەجێبوون تێیدا بە بەردەوامی.

٥- **گواستنەوەی گوند**: گواستنەوەی شوێنی ئەو گوندانەی کە بەهۆی باری جوگرافی وکارەساتی سروشتی و پرۆژە ستراتیژییەکان یان هەر هۆکارێکی تر شوێنی گونجاویان نەماوە بۆ نیشتەجێ بوون.

٦- **هێنانەکایەی گوند**: ئەو گوندانەیە کە تا دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە واقیع بوونیان هەیە و لەسەر نەخشەی کادسترۆ نەچەسپێندراوە.

٧- **چەسپاندنی سنور**: دیاری کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە لەسەر نەخشە.

**ماددەی (٢): مەرج و ڕێکارەکانی فراوان کردن و گواستنەوەی گوندەکان**

**یەکەم: مەرجەکان:**

١- شوێنی پێویست نەمابێت بۆ نیشتەجێ بوون لەناو حەرەمی گوند.

٢- فراوان کردن و گواستنەوە لەسەر داواکاری (٢/٣)ی دانیشتوانی خەڵکی ڕەسەنی گوندەکە کە نیشتەجێن تێیدا.

٣- زەوی پێویست بەردەست بێت کە لەگەڵ حەرەمی گوندەکە هاوسنوور بێت بۆ فراوانکردنی حەرەمی گوند بە مەرجێك گونجاو بێت لە ڕووی تۆپۆگرافی بۆ نیشتەجێبوون.

٤- پێویستە زەوی پێشنیارکراو بۆ فراوانکردن لە جۆری بەردەڵانی بێت، لە کاتی نەبوونیدا دەکرێت سوود لە زەوی کشتوکاڵی وەربگیرێت.

**دووەم: ڕێکارەکان:**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەکی هاوپێچ کراو بە واژووی (٢/٣)ی نیشتەجێ بووانی رەسەنی گوند کە شیانی یاساییان هەبێت لە ڕێگای موختاری گوند بۆ یەکەی کارگێری تایبەتمەند و پێویستە بەڵگەنامەی داواکاران (کارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری شارستانی) هاوپێچ بکرێت.

٢- یەکەی کارگێری تایبەتمەند داواکارییەکە بەرز دەکاتەوە بۆ پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند.

٣- لیژنەیەکی تایبەتمەندی بەردەوام پێك دەهێنرێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە سەرۆکایەتی جێگرێکی (پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ) و ئەندامیەتی نوێنەرانی بەرێوەبەرایەتی گشتی (کشتوکاڵ، نەخشەدانانی ئاوەدانی، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون، کارەبا، وەبەرهێنان، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری، شوێنەوار، نەوت و کانزاکان، گواستنەوە، فەرمانگەی ژینگە).

٤- لیژنەی بەردەوام بۆی هەیە مێواندارى موختار یان سەرۆکی یەکەی کارگێری یان هەر کەس و لایەنێك بکات کە پێویست بێت.

٥- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە هەر ئەندامێکی دیکە کە پێویست بکات بۆ لیژنەی بەردەوام زیاد بکات.

٦- لیژنەی بەردەوام بەپێی پێویست کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام دەدات وپێشنیارەکان بە(٣/٤)ی ئەندامانی لیژنە دەردەکرێت و لەلایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پەسەند دەکرێت

٧- پێویستە ئەندامانی ناڕازیبووی لیژنەی بەردەوام یاداشتی ناڕازیبوون بنووسن و سەرۆکی لیژنە هاوپێچی کۆنووس دەکات.

٨- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە کۆنووسەکە ڕەت بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ لیژنەی بەردەوام.

٩- پێویستە پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پێش پەسەندکردنی کۆنووس ڕاوبۆچوونی بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی وەربگرێت.

١٠-ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا کارابێت کۆنووس رەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت بە مەبەستی دەنگدان و سەبارەت بە ئیدارە سەربەخۆکان ڕاستەوخۆ رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

١١-دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر پێشنیاری کۆنووسی لیژنە و بڵاوکردنەوەی لە دوو رۆژنامەی رۆژانە کە تێیدا ژمارەی زەوی فراوان بوونی گوندەکە و ژمارەی کەرت و ناوچەکەی تێیدا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەر کەسێك تانەی هەبێت پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ.

١٢- دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا و بڵاوکردنەوەی پێشنیار لە دوو رۆژنامە، لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ ب.گ.دیوان/ ب.کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان بە مەبەستی دەرچوواندنی بەیان ئەگەر گشت ڕێکارەکان ئەنجام درابن.

**سێیەم**: ئەگەر زەوی پێشنیارکراو کشتوکاڵی بوو و خاوەن زەوی (حق التصرف، گرێبەست و مولك)ی لەسەر بوو و خاوەنەکەی ڕەزامەند نەبوو ئەوا پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی کوژانەوەی بۆ دەکات بەپێی یاسا، و سەبارەت بە زەوی گرێبەست ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و حکومەت قەرەبووی خاوەن زەوی دەکاتەوە.

**چوارەم: بەڵگەنامە پێویستەکان:**

ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ کۆنووسی پەسەندکراو:

١- داواکاری نیشتەجێبووانی خەڵکی ڕەسەنی گوند کە لە لایەن موختاری گوند پەسەندکراو بێت.

٢- نەخشەی ڕەنگاورەنگی پەسەندکراو کە (ڕووبەر و کەرت و ژمارە)ی زەوییەکەی تیایدا دیاری کرابێت، بە سێ ڕەنگی جیاواز ئاماژەی پێ بدرێت کە ڕووبەری شوێنی پێشووی گوندەکە و واقع حالی ئێستا و شوێنی فراوان کردنەوەکەی تێیدا دیاری کرابێت.

٣- نەخشەی کوردینێت (احداثیات)ی زەوی لەسەر (CD) بێت.

٤- دەستبەرداربوون (تنازل)ی خاوەن زەوی یان خاوەن پشکەکانی زەوی کشتوکاڵی بە هەموو مافەکانی (حق التصرف و مولك) ئەگەر خاوەن زەوی رەزامەند بوو، و لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند پەسەندکراو بێت.

٥- پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگا (لەکاتی کارابوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان).

٦- وێنەی بڵاوکراوەی لە دوو رۆژنامەی رۆژانە.

٧- هەر بەڵگەنامە و نوسراوێکی فەرمی کە پێویست بێت.

**ماددەی (٣):**

فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ئەو گوندانە ناگرێتەوە کە دەکەوێتە ناو ماستەر پلانی شار و یەکە کارگێرییەکان و قەدەغەکراوەکانیان (محرمات).

**ماددەی (٤):**

١- ئەو گوندانەی کە تا دەرچوونی ئەم رێنماییە بوونیان هەیە و لەسەر پارچە زەوییەك دروست کراون و گوندنشینان تێدا نیشتەجێن، هێنانەکایەی بۆ دەکرێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە هاتووە.

٢- هیچ گوندێك دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە هێنانەکایەی بۆی ناکرێت.

**ماددەی (٥):**

١- ئەم رێنماییە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی وقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی رێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و هەردوو هەموارەکەی بە هەردوو بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و (١٧)ی ساڵی ٢٠١٨ .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**